# بۆچی لەگەڵ بەشداریکردنم لە هەڵبژاردن ؟

((بابەتێك بۆ گفتو گۆو قسە لەسەر کردن ))

عەلی مەحمود محەمەد

بەشی یەکەم

## لە گزی ئیسلامییەکانەوە

لە خولی پێشووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق , یەکگرتوو بەناو بەشێك بوو لە هاوپەیمانییەتی کوردستانی , بەلأم لە ڕاستیدا وەك دەنگدان زۆربەی ئەندامانی دەنگیان بە کۆمەڵی ئیسلامی دا , لە هاوپەیمانییەتی کورسییەکانیان مسۆگەر کرد , دەنگەکانی خۆشیان بە ئیسلامیەکانی دیکە دا , بەمەش دەنگی ئیسلامیان لە پەرلەمان زیاد کرد , بێشك ئەم گزییە بەخێر بۆیان نووسراوە , لە ئیسلامدا درۆی مەسلەحەت , دزی مەسلەحەت , تەنانەت قاچاخچێتی بە مەوادی موخەدر و کوشتنی خەڵکی بێتاوان هەمووی ئەگەر لە بەرژەوەندی بالأی ئیسلامدا بێت , بە مەسلەحەت تۆمار دەکرێت , کەواتە بە خێر بۆ خاوەندەکەی دەنووسرێت .

هەموومان مامۆستا عەلی باپیرمان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینی لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان , چۆن بۆ مارشی کوردستان هەڵنەستایە سەر پێ , باشە چۆن ئێستا دەنگ بە لیستێك دەدات , زۆربەی ئەندامانی چەندین فرسەخ بە بیروباوەڕ لێیانەوە دوورە !.

بە بڕوای من کۆمەڵ بە بەشداریکردنی لەم هاوپەیمانییەتییە بەدوای کۆمەڵێك دەسکەوتەوەیە, لەوانە :

- لە ڕێگەی هاوپەیمانییەتی کوردستانییەوە دەیەوێت تۆمەتی تیرۆریست بوون لەسەر خۆی لاببات , خۆی وەك هێزێکی میانڕەو بە ڕۆژئاوا نیشان بدات .
- کورسییەکانی مسۆگەرە , ئەگەر دوو لایەنی ئیسلامی بچنە ململانێکەوە , دەنگەکانییان دیاریکراوە , ناتوانن ئەو ژمارە دەنگە بهێننەوە , کە ئێستا وەریان گرتووە , لەم کورسی وەردەگرێت , دەنگیش بەو دەدات .
- لە ڕێگەی ئەم هاوپەیمانییەتییەوە دەچێتە ناو کایەی سیاسی کوردستان و عێراقەوە .
- لە هاوپەیمانییەتی کورسییەکان وەر دەگرێت , پیاوەتی ڕابردوی یەکگرتووش دەداتەوە , ئەگەر ئەندامێکی یەکگرتوو ئامادە نەبێت دەنگ بە هاوپەیمانییەتی بدات , ئەوا ئەندامانی کۆمەڵ قەت ئامادە نیین کارت بۆ نوێنەرانێك بخەنە سندوقێکەوە بە مسقاڵ جیا لەوان بیربکەنەوە .

یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی پێشوو بەهۆی بەشداری نەکردنی سونەکان لە هەڵبژاردن , بۆ ئەوەی بە تەنیا نەمێنێتەوە پێویستی بە هاوپەیمانییەتی کوردستانی هەبوو , ئێستا غەریب و بێکەس نییە , هەیئەی عولەماو پارتی ئیسمی عێراقی لەگەڵیدان .

نابێت ئەوەش لە یاد بکەین , دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان جگە لەوەی زۆربەی کورسی پەرلەمانیان بۆ خۆیان برد , هاوکات هەموو بەروبوومی دەسکەوتەکانی بەغدایان بۆ کەس وکاری خۆیان دوورییەوە , کورسی وزارەتەکانیان بەسەر خزم و کەسی خۆیان بە یەکسانی دابەش کرد , ئەمەش پێشێلی دوورینەوەی دەسکەوتی بردنەوەی هەڵبژاردنە , نابێت تۆ بە دەنگی من ببیت بە سەرۆك , فەڕاشییەکەش بۆ خۆت بێت . تەنانەت لەم هاوپەیمانییەتییە سەرباری ئەوەی هەموو گۆشتەکەیان خوارد , ڕیخۆڵەشیان بۆ شەریکەکانییان نەهێشتەوە , لەمەیا تاوانی چاوچنۆکی و تێر نەخواردن لە ئەستۆی دوو پارتەدەسەڵاتدارەکەیە .

## ئایا خەڵکی کوردستان لە نێوان هاوپەیمانییەتی کوردستانی و یەکگرتوو کاملا هەڵدەبژێرن؟

ئێستا لەم خولەی هەڵبژاردن بەرەو ڕووی کایەیەك سیاسی دەبینەوە , بۆ زۆرێك لە ئێمە یاری کردن یاخود بوون بە بەشێك لێی گرانە , کورسییەکانی کوردستان دیاری کراوە , جەماوەری بەرەکان دیاریکراون , دەنگ بە لیستی هاوپەیمانییەتی دەدەیت , ئاسایی دەبێتە دەنگدان بە14 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی کوردی , 14 ساڵ گەندەڵی , پێشێلی ئازادی سیاسی , تالآن و برۆ ,مۆڵگای کۆنە جاش و فایلدار و ……. , لەو لاشەوە یەکگرتووی ئیسلامیمان هەیە , لە یادمانە برسیمان بوو بە شەرتی لەچك و ڕیش کۆمەکەکانییان دابەش دەکرد , ژنانیان بە تیرویشك بەسەر لاوە ڕیش تەنکەکاندا دەبەخشاندەوە .. بە بەرچاویانەوە لە تورکیا و ئێران کورد قەسابی دەکرێت نوزە ناکەن , ئەگەر بەهێزیش بن , هەر باڵێکن لەو ئیخوانانەی لە کوەیت دژ بە دەنگدانی ژنانن , لە تورکیاش داوای مافەکانی دەکەن , لە میسر پەرتووك یاساغە کەن , لە سوریا بانگەشە بۆ بەرەی دیموکراسی دەکەن , بۆیە هەموو بەرنامەو قسەکانیان تاکتیکە , دیموکراسی و نەرم ڕۆییان تاکو ئەوکات حوکم دەکات , لەچك و ڕیش بەسەر هەمووماندا دەسەپێنن , ئەوجا قۆناغی پەنجە بڕینەوەو زمان هەڵکێشان دەست پێ دەکات .

نازانم چەندە کاسێتەکانی شێخ زانا لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجار بۆ گیان یەکگرتوو بەکار دەهێنرێتەوە , بەڵام ئەوە دەزانم هەر دەنگێك بە یەکگرتوو بدرێت , دەچێتە گیرفانی عروبەی ئیسلامی سونەوە .

## ئەی ئێمە چی بکەین ؟

دارەکە هەردوو سەرەکەی دیارە چییان پێیوەیە , یەکیان گەندەڵی و تالان و دزی و سازش , ئەوی دیکەیان گەندەڵی و لەچك و ریش .... کۆتایەکەشی دەسەلاتێکی ئیسلامی .

لە کاتێکدا ئەلتەرناتیفێکی باشتر و جدی تر شك نابەین , کایە سیاسییەکەش بێ ئێمەش بڕوات , دەنگ نەدانمان بچێتە گیرفانی دوا ڕۆژی تاریکییەوە , ئەوەی هەشە بەرەو خراپتر بڕوات , بۆیە لەگەڵ دەنگدانم بە دزەکان , بە گەندەڵی , بە سازش , بە پێشێلی مافی مرۆڤ نەك بە جەهەنەم و تاڵبان , دەنگ نەدان گولێکە بە بەرۆکی کۆنەپەرستییەوە دەنرێت .